## چەند سەرنجێک لە سەر حەمە سەعید حەسەن          نووسینی : فەرمان

من حەمە سەعید بە نوسەرو ڕەخنەگرێکی باش دەزانم بەڵام هەرگیز شاعیر نی یە، ئەو خۆی بە دەگمەن دەزانێ و پێی وایە بەدەر لەو کەس هەلوێستی شورشگیرانەی نەبووە. ستایش کردنی خۆ بەشێکی خودی حەمە یە، ئەگەر دیقەت بدەینێ ئەو خەلک تاوانبار دەکا بە پشتگیری دەستهەڵاتداران کەچی مامە مامەی ئەو بۆ لایەنێکی دەستهەڵاداری شۆرشگێری کوردستان هاوار دەکا.

دەوری حەمە سەعید لە بزووتنەوەی کوردی و ئەدەبی کوردی دیارەو کەس ناتوانێ ڕەتی بکاتەوە ،بەس ئایا حەمە خۆویستەو کەس نەویستە؟ بەلێ. لە گەل بەرزی و جوانی نووسینەکانی کەچی پربوونی لە بەکەم زانینی نووسەرو رۆشەنبیرنی تر بە تایبەتی ڕەخنەگرەکانی گومان دەخاتە هەلویست و ئامانجی حەمە.

حەمەسەعید پێی وایە ڕەخنەگرەکانی نەکیرەن و مەبەستی ناوبانگ دەرکردن ئامانجیانە،ڕەنگە بەشێکی وابن بەس ئەگەر گشتیان کۆلکە نووسەر بن بە زەرەری ئەو تەواو دەبێ .

هەلە کردن بەشێکە لە ژیانی مرۆڤ بەس لە فەرهەنگی حەمەسەعید نی یە. راستی موتلەق لای کەس نی یە هەموو راستیەک رێژەی یە. تەنیا ئەو کەسە ی ئازادی بیرورای جیاواز ناسەلمێنێ خاوەنی راستی موتلەقە . حەمە سەعید بە زاری خۆی دەلێ ئەو بە هەلکەوت هەلە دەکا و لێرەش ئەو حەقە بە کەس رەوا نابینێ هەلەکەی هەست پێبکا و بوێ راست بکاتەوە بەلکو ڕادەگەیەنێ تەنیا خۆیەتی هەست بە هەلەی خۆی دەکا. ئەمەش سەرچاوەی گرتوە لە بەکەم گرتنی کەسانی تر لای حەمە سەعید ودیتنی ئەوانی تر کە تازە دەچن بۆ بەسرە.

ئەوەی بەرهەمی ئەدەبی بێهێز دەکا خولانەوەیە لە یەک بازنە . حەمە سەعید کە لە یەک کاتدا بۆ هەلبژاردە و عەوام دەنووسێ دەبوایە خۆی لە دووبارەکردنەوەدا بپاراستبوایە کاتێ ڕەخنەی سیاسی دەنوسێ . بەس گرێنتی دەدەم کە ئیلهامی هەر نووسینێکی سیاسی نوێی حەمە سەعید یەک "فاکتەر"ە. بەستنەوەی کێشەکانیش لە کوردستان بە یەک هێزی کوردستانی ئەگەر راستی زۆریشی تێدا بێ(کە منیش پێو وایە تێیدایە) هەلەیەکی کوشەندەیە. چونکو ڕەنگە لێرە زێدەڕۆیی کردن بە ماستاو ساردکردنەوە بۆ لایەنی تر لێک بدرێتەوە.